# بزمارەکانی خالید مەجید فەرەج

## ڕاستگۆ

دوای ئەوەی یەکێک لە شکاتکەران لەداگایی کردنەکەی سەدام و دارو دەستەکەیا، لە گێڕانەوەی بەسەرهاتەکەی بۆوە، کەتیایا سەرو ماڵ و مناڵ و ژنی ئەنفال کراوە ، یەکێک لە تۆمەتبارەکان لێی پرسی، تۆ لەلای حاکم لە سلێمانی شتێکت گووتوە، لێرەش شتێکی تر ئەڵێی، شکاتکەر ووتی ئەوەی سلێمانی ڕاست نیە،و قەت من شتی وام نەوتووە، ئەوە لە ئەوێ خۆیان وایان نووسیوە! تۆمەت بار بەزەردخەنەیەکەوە ووتی، جەنابی قازی کەواتە هەموو قسەکانی تریشی هی خۆی نیە، هەمووی هەر لەسلێمانی بۆیان هۆنیوەتەوە.

ئەوەی من لێی تێنەگەیشتم، نازانم بۆ خاڵەی شکاتکەر لەقسەکانی یەکەمی کە دژ بە ئەنفالچیان بوو پەشیمان بۆوە، ئەگەر خۆی نازانێ بەوە زەرەرێکی بەرچاو لە میسداقیەتی شەهادەتەکەی ئەدا، ئەی خۆ محامیەکانی ئەزانن، باشە بۆ پێش چوونە ژوورەوە بۆ شایەتی دان قسەکانی سلێمانیان بیر نەخستۆتەوە؟ یان لەوێش هەر لێخورە دەشتەیە ،لەوەش قوربەسەری تر، ئاخر خاڵۆی ماڵ و مناڵ و بزن و مریشک و قازو تراکتۆر ئەنفال کراو، چیت ماوە هەتا لێی بترسێ تا کاول نەبێ، وا ئەڵێی قوربان بە زمانی بەڕۆژووەوە من سوێندم خواردوە، ماڵی خۆم کاول ناکەم، درۆناکەم؟ ئەی ئەنفال چیەکان هەزار سوێندی خوداو پێغەمبەرو شەرەف و ناموسیان نەخوارد، کە خۆتان تەسلیم کەن هەرناو نووستان ئەکەن و بەرەڵاتان ئەکەن.

دواتریش گەنج و ژن و هەتا مناڵی تەمەن یەک ڕۆژەشیان بۆ نەهێشتنی پیت ( خصوبە) لە ناو رەگەزی کوردا ،وەکو رێگەیەکی یەکجار نائینسانی و زانستی و کاریگەر بۆ بنەبڕ کردنی یەکجارەکی رەگەزی کورد لە عێراق ، هەموو زیندەبەچاڵ کرد. ئەوەنیە گەورە ئەنفالچیەکەیان دوای ئەو هەموو تاوانانە ،بە کتێبی موقەدەسەوە لەناو داگاکەدا دانیشتووە،و هەموو عالەمی عارەبی و ئیسلامی بە پیاو چاک سەیری ئەکەن ،و خۆیان لەسەر ئاڵاکەی بە کوشت ئەدەن، چی ئەبوو ئەگەر بتگووتایە بەڵێ ڕاستە ئێسقانی مردووەکانی نوگرە سەلمان لەدەورو پشتی قەبرەکانیان کەوتبوو، خۆ ئەگەر خۆشت نەت دیوون دەیەها کەست لەگەڵ بووە کە هەموو موسڵمانن و درۆ ناکەن بەچاوی خۆیان بینیویانە.

**موختەسەری کەلام**

بەیەک شتا ئەزانم کە کورد زۆر باش خۆی بۆ ئەم دادگاییە ئامادەو تەیار کردووە، تەلەفیزیۆنی کوردسات لەگەرمەی دادگاییەکەدا خۆیمان لێیەکاتە CNN و ئەیبرێ و ئەچێتە ژووری هەواڵەکان، ئەی ئافەرم.